# کەرکوک ئینسانییەو سلێمانی ودهۆکیش ئاژەڵییە؟!

خەتاب سابیر
مارتی 2004
khatabs@hotmail.com

لەنێوان باڵی ڕاست و چەپی بزووتنەوە سیاسییەکانی هەر نەتەوەو ولاتێکدا ،شتێکی ئاساییە کە تێڕوانین و بۆچوونی جیاواز هەبێت لەسەر مەسەلە سیاسییەکان. گەلی کوردیش لەم هاوکێشە سیاسییە بەدەرنییەو بگرە لە زۆربەی گەلانی چەوساوەو ژێردەستەی دنیا زیاتر تلاوە بە دەرزی ودەرمانی ئایدۆلۆژیاوە. گەلی کورد، قوربانییەکانی ئەوەندە گەورەن کەمرۆڤ ڕادەچڵەکێ بیر لە هەر گۆشەیەکی بکاتەوە لەبەرامبەر ئەو دەسکەوتە کەمە سیاسییەی کە بەدەستی هێناوە، باڵەکانی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بەڕاست و چەپییەوە هەمیشە بەرژوەندی سیاسیی ڕێکخراوەیی خستۆتە پێش داوا جەماوەرییەکانەوە، ئیسلامییەکانیش وەکو هێزگەلێکی باڵی ڕاست ئەوەندەی تر ئەم هاوکێشەیەیان ئالۆزتر کردووە.

ئەوە لای کەس گوومانی تێدا نییە گەر مەسەلەی کەرکوک لە شەستەکان و حەفتاکان و تەنانەت لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا یەکلابکرایەتەوە بە قازانجی گەلی کوردستان و ستەمی میللی نەمایە، شۆڕشی کوردستان هیچ بیانوویەکی نەبوو بۆ درێژە پێدان و گەلی کوردستانیش ئێستا بەتەواوی خۆی بە عێراقییش نەزانییایە ،ئەوەندە خولیای فیدراڵیی و ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی نابوو ،کەرکوک ئەو دەروازەیەیە کە ناکرێ بەهیچ بیانوویەکی سیاسیی و ئەخلاقییەوە لە سەر خەڵکی کوردستان و نەخشەی کوردستان دابخرێ. کەرکوک هیچ سیمایەکی سەیرو ئەفسووناوی نییە تا گەلی کوردستان شێتی بووبێت ، بەڵام یەک ڕاستییەک هەیە، مێژوو و نەوەکانی داهاتووی گەلی کورد لەوە نابوورن بۆ مامەڵە بەکەرکوکە کراو بۆ چارەنووسی یەکلانەکرایەوە؟.

بۆ ئەوەی لەسەردێڕی بابەتەکە دوورنەکەوینەوە ، دەبێت قامک بخەینە سەر ئەو هەراوهوریا سیاسییەی گرووپی کۆمۆنیزمی کرێکاریی بەناوی ئینسانیی بوون ومۆراڵی بوونەوە دەرخواردی دانیشتوانی شاری کەرکوک و گەلی کوردستانی دەدەن،کک کە هیچ پێگەیەکی سیاسیی و کۆمەڵایەتی نەک لەکوردستاندا ، لە یەک بستی ئەم سەرزەمینەدا نییەو لە ئەفسانەیەکی دنیای سیاسەت زیاتر لە شتێکی تر ناچێ، لە هەموو هێزە

کۆنەپەرستەکانی ناو ئەنجوومەنی حوکم و هێزە دینییەکانی دەرەوەی ئەنجوومەن وشێخانی هۆزە عەرەبەکان و تەنانەت لە تۆرانییەکانی بەرەی تورکمانی و فلولی بەعسییەکانیش پتر بە کەرکوکە ماندووە و پروپاگەندەی سیاسیی و حیزبیی دژ بە خواستەکانی گەلی کورد دەردەبڕێ ، کەرکوک ناسنامەی ئینسانیی هەیە ، ئەمە چی دەگەیەنێ؟ و چی لەپشتی ئەمەوە خۆی مەڵاس داوە؟، بۆ کەرکوک ناسنامەکەی ئینسانیی بێت ، شارەکانی تری وەکو سلێمانی و هەولێر و دهۆک هیچ نەبن ، خۆ ئەم شارانەش مرۆڤیان تێدا دەژی و شاری ئاژەڵ نین. بەڵام لەڕاستیدا ئەم بۆچۆنی ئینسانیی بوونەی کەرکوک ،کەشتییەکی ئایدۆلۆژییەو دەیەوێت لە لیتاوێکی مەنگدا سەوڵ لێبدات ، کە خۆیان لەهەموو کەس زیاتر دڵنیان کە گەر تەمەنی نوحیشی هەبێت ناگاتە هیچ ڕۆخێک .

خاوەنی بۆچۆنی ئینسانیی بوونی کەرکوک ، لەیەک برگەشدا تا ئێستا ڕایاننەگەیاندووە کە کەرکوک کوردستانییە؟ ، ئایا کەرکوک بەشێکە لەکوردستان؟،ئایا سەر بەجوگرافیای کوردستانە؟،ئایا شارێکە زۆرینەی کوردە بەپێی ئامارە سەرەکییەکان؟. کوردستان قسەیەکی بێ مانایە گەر جووگرافیاکەی دیاری نەکەیت و خۆتی لێ بدزیتەوە، دیارە وەکو هێڵی پاشەکشە دانان بۆخۆیان لەسیاسەتدا نەشیانگوتووە بەشێک لەکوردستان نییە ، ئەمە جارێکی تر ئەوە پیشانی مرۆڤی کورد وخەڵکی کوردستان دەداتەوە کە ئەم بۆچوونە سیاسییە چەند نامۆو نائینسانییە بە خواستەکانی ئەوان. ناکرێ شارێکی وەکو ئیستەنبوڵ کە چەندین ملیۆن کوردی تیادا دەژی بڵێی شارێکی تورکیا نییە،ناکرێ بەشارێکی وەکو لەندەن بڵێی شارێکی وڵاتی ئینگڵستان نییە لەکاتێکدا چەندین ملیۆن هیندی و پاکستانی و نەتەوەی جیاجیای تری تیادا دەژی،تەواوی شارەکانی سەر ڕووی ئەم زەمینە شاری ئینسانییەو ، کەرامەتی ئینسان دەبێ پارێزراو بێت تیایدا ،بەڵام لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی دەرنەچێ و مافی مرۆڤ پێشێل نەکرێ. ئینسانیی بوون چۆن بۆ ئەوانە دەیخوات کە وەکو داگیرکەر هاتوونەتە خاکەکەتەوە،ئەم چەمکە مۆراڵییە بەدەردی خەڵکی کوردستان ناخوات،بەعسییەکان بە بیانووی ئەوەوە داکۆکیان لێبکرێت کە گووناهیان چییە لە کەرکوکدا لەدایک بوونەو لە کۆڵانەکانی کەرکوکدا چاویان پووشکاندووە،بەعسییەکان کرێکاریی دەکەن و کرێکاری پالاوگەکانی نەوتن و سۆشیالیزمیش بناغەکەی ئینسانە ،بۆیە کک داکۆکی لە ئینسان دەکات و ڕێزی دەگرێ !، جا با ئەو ئینسانە داگیرکەرو بەعسییش بێت.

کۆمۆنیزمی کرێکاریی و کادیرەکانی بە سازوسەمتووری ئینتەرناسیۆنالیستییەوە ؟! ،ئەوە دەدەنەوە بەڕووی ناسیۆنالیزمی کورددا کەوەکو ئەوەی عیللەتی ناسیۆنالیزم بنەبڕ

بکەن بەیەکجاری، ناسیۆنالیزمی کورد وەکو هەر هێزێکی میلیشیایی تر خاوەنی سەدان هەڵەی کوشندەیەو زۆر جاریش بووەتە لەمپەر لە بەرامبەر خواستی جەماوەریدا، بەڵام کاتێک بەرد لەماڵێکی شووشە دەگری ، دەبێ ماڵەکەی خۆت لەکۆنکریت بێت نەک لە کاغەزو کارتۆن،کک و لایەنگرانی بۆ ئەوە خرِن بڵێن ئەوە ساڵانێکی زۆرە ناسیۆنالیزمی کورد ،چی بۆ کەرکوکییەکان و ئاوارەکانی کەرکوک لە بەردەقارەمان و ئۆردوگاکانی هەولێردا کردووە کە ژیانیان لەژێر چادرو نایلۆندا بەسەر بردووە،لێرەوە دەیانەوێ ژێر پێی ناسیۆنالیزم خاڵیی بکەنەوە و ئەو چەکەشیان لەدەست دەربێنن کە پێوەی دەنازن ، کە دیارە بۆ حیزبە کوردییەکان چەکی پەرۆشییە بۆ دۆزی کورد و بۆ ئاوارەکانی کەرکووک! بە تەئویلاتی ناسیۆنالیستانەی خۆیان .

دەی باشە برادەرینە ئێوە لەکوێی نووسراوەو رۆژنامەو گۆڤارو کۆرِەکانتاندا جەختتان لەسەر دەرکردنی کورد لەکەرکوک کردووەتەوە،لەکوێدا دژایەتی تەعریب و تەبعیس و تەرحیلتان کردووە باشە خۆ خەڵکی کوردستان دیوی ناوەوەتان دەخوێننەوە و قسەی زل وبریقەدارتان بە تووریک لێ ناکرِن، ئەم برادەرانە تەحەدای هەموو خەڵکی کوردستان دەکەن و دەڵێن عەرەبە هاوردەکان نابێت بەهیچ بیانوویەک لەکەرکوک دەربکرێن. ئیتر بۆ گلەیی لە بەعسییەکان و شیعەکان بکەین ، بۆ گلەیی لە گەنجێکی خوێنگەرمی تازەهەڵچووی وەکو موقتەدا سەدر بکرێ کە شیعە هاندەدات لەپاڵ تۆرانییەکاندا بڵێن (لا الله الا الله ، کردستان عدو الله) خۆ ئەوان و ئەمان یەک خوێندنەوەیان بۆ کەرکوک هەیە، کە دەبێ ئەو سەدان هەزار عەرەبە بەعسیی و داگیرکەرەی هێنراون بۆکەرکوک و ناوچە داگیرکراوەکانی تر پەنجەیان بۆ نەبردرێ. بۆ موقتەدا سەدرو مەجلیسی ئەعلا ئەوە گرنگە کە بەشێک لەو عەرەبانە رِەهەندی شیعەگەرێتی بەهێز دەکەن لە کەرکوکدا، بۆ بەعسییەکان و قەومچییە عەرەبە سوننەکانیش گرنگ ئەوەیە کە رِیسی تەعریبەکەیان لێ نەبێتەوە بە خوری و پشتێنەی ئەمنی قەومییان تۆکمەییەکەی لاواز نەبێت، بەڵام بۆ کک پاراستنی بەرژوەندیی حیزبیی لەپاڵ ئینسانیی بوونی کەرکوکدا مەبەستە و هیچی تر .

چەپی کوردستان ، سەرەرِای ئەوەی کە زۆر پەرتوبڵاوە ،بەڵام دەکرا و دەکرێ ببێتە هێزێکی سیاسیی کاریگەر لە هاوکێشە سیاسییەکانداو بەقازانجی بەرەی زەحمەتکێشان و هەژارانی کوردستان پلاتفۆرمێکی سیاسیی رِۆشن و خوێندنەوەیەکی واقیعیانەی بۆ رِووداوەکانی کوردستان و دۆزی گەلی کورد هەبووایە،وەلێ مەخابن چەپگەلێک لەچەشنی کک و ئەوانەی بەناو جیاوازن و لەناوەرِۆکدا چەند هەنگاوێک لەوانەوە دوورن، هێشتا چەندین دەیەی تریان دەوێ کاژی ئەو جۆرە کۆمۆنیزمە تەحریفییە فرِێ بدەن لەخۆیان کە

سەرومێشکی گرتوون و توانای بیرکردنەوەی لێ بڕیون . تەنها دوو نموونەی سادەو ساکار دەهێنمەوە ، ئەم چەپە پێی شەرمە بڵێ کوردستانی باشوور ، یان باشووری کوردستان،لەباشترین فۆرمێکدا کە بیڵێن دەڵێن کوردستانی عێراق، ئەم بیرکردنەوە بەگزادانەیە،ئەگەریش لە شۆفینیزمی نەتەوەی سەردەستەوە نەپەڕیبێتە جەستەو مۆخی چەپی کوردەوە، لەوێوە هاتووە گەر بڵێن کوردستانی باشوور ئەوا دەبنە ناسیۆنالیست ،بەڵام کە دەڵێن کوردستانی عێراق ،ئیتر ئۆتۆماتیکی دەبنە ئینتەرناسیۆنالیست، یان لای کەم جیاوازی ناخەنە نێوان کرێکارێکی ڕانییەیی و کرێکارێکی خەڵکی فاوەوە ، هەموو کەسێک دەزانێ کوردستان داگیرکراوەو دابەشکراوە بە بێ خواستی گەلەکەی، ئیترچەند شەرمە من عێراقیی بوونەکەم لا ئینسانیی بێت و کوردستانیی بوونەکەی کەرکوکیشم پێ ناسیۆنالیستی بێت.

قسە لەسەر ڕیفراندۆمە ، ڕیفراندۆم بۆ هەموو کەسێکی سادەش ڕوون و ئاشکرایە یانی گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵک،ڕیفراندۆم کاتێ بۆ پرسی گەلی کوردە ، گوومانی تێدا نییە ئەم گەلە مقەوەماتی خۆی هەیە ، ئاڵاش یەکێکە لەو سیمبوڵانەی کە ناکرێ بە هیچ کلۆجێ پشت گوێ بخرێ،گەلێکیش لەم دنیایەدا نییە ئاڵای نەبێ ، بەڵام بە تێڕوانینی ئەم جۆرە چەپە، ئاڵا شەرمەزارییە،یان لای کەم ئاڵای کوردستان یانی ورگ هەڵدڕینی نەتەوەکانی تر؟یانی ئاگر خۆشکردن و زەمینە خۆشکردن بۆ شەڕی نەتەوەکان،یان کۆمۆنیستەکان تەنها وەتەنها لەهەموو کات وساتێکدا وەکو دارە ئەفسووناوییەکەی دەستی مووسا هەر دەبێ هەڵگری ئاڵای سوور بن ، باشە ئاڵای سوور بەجێی خۆی،ئاڵای چینی شۆڕشگێری کریکارە دژ بەسەرمایەداریی ،بەڵام ئاڵای سوور و دەرکردنی کەرکوک لەژێر چەکمەی تەعریبی بەعس و شیعەو شۆڤینیزمی عەرەبدا و گەڕانەوەی بۆ جووگرافیای شێوێنراوی کوردستان، بە کام هاوکێشەی سیاسیی بەیەکەوە گرێ دەدرێن.

ئەگەر چەپێک بەم پێودانگە سیاسییەوە بێتە بازاڕی سیاسەتەوە ، ئایا دەبێ خێری چی بێت بۆ گەلی کورد. کاتێ دەزانن کە هەڵەیەکی سیاسیی کوشندەیەیان کردووە ، کە وازیان لەڕیفراندۆم هێناوە و بەفەرمی گووتیان کە ڕیفراندۆم تاکتیک بوو، ستەمی میللی نەماوە لە سەرکوردو ڕیفراندۆم سەردەمی بەسەرچوو؟! ، ئێستا بە لابەلایی دەیانەوێ دووبارە قسەی لەسەر بکەنەوە، جارێک دەڵێن ئێمە بە کاتیی هەڵمانپەساردووە، جارێکی تر دەڵێن فیدراڵی دەرمانی کورد نییە ، یان جیابوونەوە یان ژیان لە عێراقێکی ناقەومی و سکۆلاریزمدا. ئێ باشتر نییە ئەم برادەرانە کەمێک جورئەت لەخۆیان نیشان بدەن و بە شەهامەتەوە بێنە

پێشەوە و بڵێن هەڵەیەکی سیاسیمان کرد لە ڕابردوودا و داوای لێبووردن لەو هەموو ئازادیخوازو نووسەرو سیاسیانە بکەن لە ناوەوەو لەدەرەوەش که کەمپەینی ڕیفراندۆمیان لەگەڵیاندا دەکردو داوای لێبووردنیش لە تەواوی گەلی کورد بکەن و ئەوساکەش هەموو کەس فەرمووی کارکردن بۆ ڕیفراندۆمیان لێ دەکات و ئەوەش گۆڕەپانێکی فراوان بۆ کارکردن.

ڕووداوەکانی ئەم چەند مانگەی دوایی عێراقی گەڕوگول دەریخست ، کە عێراق هەرگیز نابێتە وڵاتێکی دیموکراتی سەرکەوتوو بە پێوەری دیموکراتی هاوچەرخ، عێراقی سکولار کە کک دایانهێناوە لە جەنگەڵستانی سیستانییەکاندا لە ئێستادا یەکێکە لە موستەحیلاتی دنیای سیاسەت. ئاخر بەڕاستی لەوە شەرمەزاری تر هەیە ، تازە بەتازە پاش 12 ساڵ لە کەم تازۆر ئازادییەک لە کوردستاندا ببینەوە بە عێراقیی ،بۆ چ خێرە مناڵانی کوردستان باجی بلیمەتیی و زانایی شیعە و حەوزە جیاوازەکانیان بدەنەوە لەم ڕۆژگارەدا، باجی لەخۆدانەکانی شیعەو شینی حەسەن وحوسێن بدەنەوە ، بۆ دەبێ گەلی کوردستان ببێتە قوربانی پێکەوە ژیانی قەبیلەکانی سوننەو شیعە، پاش چی ،دەمانگێڕنەوە بۆ خزمەتی ئەولیاکانی نەجەف وکەربەلاو عەشرەت وقەبیلەکانی ڕۆژئاوای عێراق. ئەمڕۆ ئیتر پارتی و یەکێتی لەهەموو لایەنێک زیاتر بەرپرسیارترن لە ئاست ئەو عێراقیی بوونەی کە سوێندی پێ دەخۆن و کێشەی کەرکوکیش بە دووساڵی نادیار دەسپێرن. سەرکردایەتی سیاسیی کورد هەڵەیەکی سیاسیی کوشندە دەکات ،بە کۆنتراکت بەستنی ژێر بەژێر لەگەڵ شەبەحی سیستانی و تایەفە شیعەکانی تر و شێخە سوننییە چادرنشینەکاندا لە لایەک و ورتەورتی ژووری داخراو لەگەڵ ئەمریکییەکاندا لە لایەکی ترەوە بۆ یەکلاییکردنەوەی کێشەی کەرکوک و ناوچەکانی تری کوردستان. کەرکوک زامێکە لە جەستەی گەلی کوردستان و بزووتنە ڕەواکەیدا کە هەرچی درەنگتر چارەسەربکرێ ، قوربانیی زیاتری دەوێ ، کەرکوک دەکرێ شارێکی ئینسانیی بێت ، دەکرێ شارێکی برایەتی بێت ، بەڵام دەبێ بێ ئەملاولا عەرەبی داگیرکاری تەعریبکار دەربکرێ ، دەبێ کەرکوک بەشێک بێت لە کوردستان لە ڕووی مێژوویی و جووگرافییەوە و هیچ قومارێکیش بە چارەنووسی کوردستانیی بوونی کەرکوکەوە نەکرێ.